# گەرمیانەکەم ئەنفالکرا و

# کەس ئاوڕی لێنەدایەوە!

سۆزان سەهەند



ئەنفال و تەعریب و راگواستن، سێکوچکەی کردەوەی رژێمی دڕندەی سەددام بوون دژ بە نەتەوەی چەوساوە و ستەمدیدەی کورد. "ئەنفال" خۆی لەخۆیدا، کاریگەریی گەورەی هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریی. ناوێکی بەدوای خۆیدا بەجێهێشت، کە چەندین کێشە و گیروگرۆی لە قووڵایی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا خولقاند، بەتایبەت ئەو ژنانەی کە دوای ئەنفالکردنی مێردەکانیان، بەرەورووی کێشەوگرفتی رۆڵەکانیان بوونەوە، ئەویش بۆ بنیادنانەوەی خێزانێکی رووخاو لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

رژێمی دیکتاتۆر و داگیرکەری سەددام، بۆ نەهێشتن و قڕکردنی نەتەوەی کورد، هەستا بە ئەنفالکردنی زیاتر لە (١٨٢) هەزار کوردی بێتاوان لە چوار هەزار گونددا، کە سەرجەم گوندەکانی کوردستانی گرتەوە.... دیارە ئێمەی کوردیش بێبەش نین لەو خەمە.

**پێش ئەوەی بچنە ماڵی باوکم، مەلای گوندیان لەسەر بەرماڵی - ماڵی خوادا شەهید کرد،**

**کراسەکەی دایکمیان کرد بە ئاڵا**

**کەللەسەرەکەی باوکمیان کرد بە دارا**

**کانیاوەکانیان ژەهراوی کرد.**

**شووشە شیرەکەی حەمەی برامیان پڕ لە خوێن کرد.**

**ئەو سەردەمە هەستی رۆژگار بێئاگا بوو،**

**مافی مرۆڤ مەستی بادەی خوێنی بەدناوی ئەنفال بوو**

ئەو سەردەمە کێ گوێی لە ناڵەی ژنە دووگیانەکان و،

نووزەی مناڵە تینووەکان و هاواری کچە عازەوەکان بوو

چی ویژدانێک پێی رەوا بوو لەو ساتە وەختە خۆشەدا، شیرینییەکان تاڵ بکا؟

تانک و زرێپۆش، بەسەر ماڵی کورد دا، خۆی فەرز بکا!

لەو دەمانەی خۆشترین ساتە پڕ لە جوانییەکان بوو،

لەو رۆژە سامناکەی کە هێدی هێدی بەرەو رێگەی مەرگ دەچوون، بێئەوەی شمشاڵی حوزنیان بۆ بچڕن.

لەو ساتەدا کە هێشتا جگەرگۆشەکانیان لەخەوی ئاسوودەدا بوون،



چی فتوایەک بوو، هانیدان بۆ کوشتنی منداڵێکی ساوا؟

چی رۆمانێک بوو بەسەر کورددا تەواوتان کرد؟

من خۆم بە کچێکی ئەنفالکراو دادەنێم

ریشە ریشی خوێناویم لەبەندی جەرگی کوردستانەوە

ئەهرێمەکانی بەربەرەڵای کوردستانم دەسڕنەوە.

لەئێوارەیەکی خوێناویدا یەخەی خۆم دادڕی،

دامێنی خۆم دایە دەستی ملپانەکانی قەدەرەوە،

یان قیژەی کچێکی گەرمیان بووم،

هەورە تریشقەی ئاسمان بووم، یان مردووی مرۆڤایەتیی،

لەئیوارەیەکی خەمگین دا، لە پشتی حوشترێکی بەعسی دا،

بەرەو بیابانی عەر عەر بردیانین،

یان، منداڵێکی ساوا بووم، لوولەی تفەنگیان پێناساندم.

لە گەردەلوولێکی نەگریسا، بەسەر دامێنە ناسکەکەی هەیبە سوڵتان و باوەجی و،

بەرەو کۆڕی ماتەمی بەهەشتی خۆشناوەتی و لەوێشەوە بۆ بادینانی دەلال،

یان، ئەوە قادرکەرەمە پڕ تەریقەتەکەی پیری حەسەن چێوار و، گەرمیانە بێ نازەکەم ...

کورە، نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم!

ئازارەکانی نیشتمان هێندە زۆرن،

خەریکە ئاسمان دێتە گۆ.

باس لەو پیرێژنە بکات، کە تاکو ئێستاش،

شەوان جێگەی رۆڵەکانی رادەخات،

بۆ ئەوەی لە شەوێکی درەنگدا،

بگەڕێنەوە ئامێزی و تێر بۆنیان بکات.

ئەو سەردەمە، گوێیەکان کەڕ بوون،

مێشکەکان کاس بوون،

چاوەکان کوێر بوون.

کەس ئەم نەتەوە زۆڵمێلێکراوەی، بە خاوەنی ماف نەزانی.

ئەی ئەو کیژووڵەیە، خاوەنی ئارەزوو نەبوو؟

دەستیان گرت و لەچاڵی مەرگدا ونیان کرد؟!

بەڵێ .... بەڵێ ... ئێوە ئەنفالتان کرد

ئێمەشتان نیوە گیان کرد .....

ئێمە ئەوکاتە مردین، کە زووین بچووک بووەوە،

ئەو کاتەی کە ئەنگوستیلەی کچە دەزگیرانداراەکانمان،

کەوتنە سەر زەوی و، دڵسۆزمان نەبوو، کۆی کاتەوە.

بەڵێ ... ئێستاش، بێ سەر و شوێن، بێ ماڵ و حاڵ، بێ خزم و کەس، لەبیاباندا دەمدۆزنەوە.